(پێنج خشتەکی)

ئامادەکردنی: م. عبدالله عبدالقادر علی

یەکشەممە (٨–١٠–٢٠٢٣)

**پێنج خشتەکی (تَخمیس)**: بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر. ئەو شاعیرەی پێنج خشتەکی دروست دەکات، واتە شاعیری دووەم، شیعری شاعیرێک دیاری دەکات، سێ نیوەدێڕ شیعر دەخاتە سەر دێڕی یەکەمی هەموو دێڕە شیعرەکانی غەزەلەکە، واتە هەر دێڕە شیعرێک (دوو نیوەدێڕ) دەبێ بە پێنج نیوەدێڕ شیعر، سێ نیوەدێڕی یەکەم هیی شاعیری دووەمە و دوو نیوەدێڕەکەی تر هیی شاعیری یەکەمە، لەبەر ئەوەیە (پێنج خشتەکی)ی پێ دەڵێن.

ئیتر بەم ڕەنگە وەکو چۆن خاوەنی غەزەلەکە نازناوی خۆی دەخاتە دێڕی دواییی شیعرەکەیەوە، شاعیری دووەمیش نازناوی دەخاتە یەکێک لەو سێ نیوەدێڕە شیعرەی کە بۆ دێڕی هەرە دوایی هۆنیویەتییەوە.

ناوونیشانی پێنج خشتەکی لە ئەدەبی کوردی بەم جۆرە دەبێ (پێنج خشتەکیی سالم لەسەر غەزەلێکی نالی)، واتە سالم غەزەلێکی دیاریکراوی نالی کردووە بە پێنج خشتەکی (تەخمیس کردووە).

پێنج خشتەکی (تەخمیس) بە شێوە وەکو پێنجین/ پێنجینەبەند (موخەممەس) وایە، بەڵام جیاوازیشن، جیاوازییەکەش ئەوەیە:

پێنج خشتەکی: بەرهەمی دوو شاعیرە.

پێنجین: بەرهەمی یەک شاعیرە.

تَخمیس (تەخمیس): پێنج خشتەکی.

مُخَمَّس (موخەممەس): پێنجین. پێنجینەبەند.

نموونەی (پێنج خشتەکی)یەکی (هەردی) کە لەسەر شیعرێکی (شێخ نووری شێخ ساڵح) دایناوە.

(ئەحمەد هەردی) تەنیا یەک (پێنج خشتەکی)ی هەیە لەسەر شیعرێکی (شێخ نووری شێخ ساڵح).

مامۆستا (عبدالله عبدالقادر علی)

قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شــــەو
خۆت نەخەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شـــەو

← ئەحمەد هەردی

ئەی کچی خواوەندی جوانی و ئەی چرای دیوانی شەو
(خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵبریندارانی شـــــــەو
نەک خواناکەردە گیرابێ دوعای ناڵانی شـــــــەو)

← شێخ نووری شێخ ساڵح

*　　　*　　　*

وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەردەکـــــــا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکـــــــا

← ئەحمەد هەردی

گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەر ئەکا
(دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و لە دیدەم سەر ئەکـــــا
هەر کە ڕابووری بە دڵما سوحبەتی جارانی شـــــەو)

← شێخ نووری شێخ ساڵح

*　　　*　　　*

وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەردەکـــــــا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکـــــــا

← ئەحمەد هەردی

گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەر ئەکا
(دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و لە دیدەم سەر ئەکـــــا
هەر کە ڕابووری بە دڵما سوحبەتی جارانی شـــــەو)

← شێخ نووری شێخ ساڵح

*　　　*　　　*

وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵدا دەردەکـــــــا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕ نەکـــــــا

← ئەحمەد هەردی

گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەر ئەکا
(دڵ ئەبێتە قەترەیێ خوێن و لە دیدەم سەر ئەکـــــا
هەر کە ڕابووری بە دڵما سوحبەتی جارانی شـــــەو)

← شێخ نووری شێخ ساڵح